# دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین



ئا : هاوڕێ ئەحمەد کەریم
* خوێندکاری زانکۆی سلێمانی

دەسـەڵاتـی نیشتمانی فەلەستینەکان بریتیە لەحوکمیزانی فەلەستین ، کەبەرهەمی ڕێککەوتنامەی ئۆسلۆیە لەنێوان ڕێکخراوی ئـازادیـخـوازانـی فەلەستینو ئیسرائیلدا لەچوارچێوەی کێشەی دوو دەولەتدا، هەروەها بریاری ئەنجومەنی ناوەندی فەلەستین لەدانشتنی (10)ی ئۆکتۆبەر ساڵی(1993)ی تونس، کەدەبێت پێکهاتەی دەولەتی فەلەستینی داهاتوو لەسەر بەشێک لەخاکی فەلەستین بەمشێوەیە بێت، کەرتی ڕۆژئاوا کەرتی شاری غەزە، بەم پێیە ئەم ناوچەیە لەڕووی مێژووییەوە (22٪)ی خاکی فەلەستین پێکدەهێنێتو دەستەی بەڕێوەبردنی کاتیی بەرپرسیارە لەفەلەستین لەو ناچاوانە دەبێت، کەژمارەی دانشتوانەکەی دەگاتە چوارملیۆن فەلەستینی، کەدەکاتە (36.6٪)ی کۆی گشتی ژمارەی فەلەستینەکان لەجیهاندا.

هەروەها بەنسبەت قودسی ڕۆژهەڵاتیشەوە گوزارشتە لەپایتەختی دەولەتی فەلەستینەکان، هەروەکو چۆن داوای دەکەن، بەڵام وەزارەتو نوسینگەکان لەرامەڵلا دەبێت، بەوپێیەی پایتەخت ئیدارەی کاتیە، هەروەها دەسەڵات نوسینگەکانیشی لەغەزە دەبێت، بەوپێیەی گەورەترین شاری فەلەستینە لەڕووی شوێنی جوگرافیو ژمارە دانیشتوانەوە.

جێی بیرهێنانەوەیە دەسەڵاتی نیشتیمانی فەلەستین ئەو کات ڕێکخراوی ئازادیخوازان بەڕێوەی دەبـرد، کەبریتی بوو لەبزوتنەوەی فەتحو دەسەڵاتی تەواویان بەسەر جیهازی ئەمنیدا گرتبوو.

بەڵام لەساڵی (2005)دا هاوکێشەکان پێچەوانەبووەو بزوتنەوەی حەماس ئەنجامەکەی بردەوە، بەمەش دەسەڵات بۆ دوو بەش دابەشبوو، یەکێکیان لەکەرتی ڕۆژئاواو ئەویتریان لەکەرتی غەزە، بەمەش دوو حکومەت تەشکیل کرا، هەندێ لەپێکهاتە جیاوازەکانیشیان بەشێوەیەکی رەمزی بەشدارییپێکرد، لەگەڵ حکومەتی پێشوو، سەرۆکی ئێستای دەسەڵاتی فەلەستین مەحمود عەباس ئەبو مازنە، کەلەساڵی(2004)ەوە دوای مردنی یاسر عەرەفات، ئەم پۆستەی وەرگرتوە، چونکە پێشتریش سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنبووە لە ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین کەلەساڵی(1964) دامەزراوە.

## دەولەتی ئیسرائیل

ئیسرائیل دەولەتێکە لەرۆژهەلاتی ناوەراستداو لەرۆژئاوای ئاسیا لەکەرتی

رۆژهەڵاتەوە دەکەویتەسەر دەریای ناوەراست، سنورەکەی بەرەو لوبنان درێژدەبێتەوە، لەباکوری رۆژهەڵاتیەوە بەرەو سوریاو لەرۆژهەڵاتیشەوە ئەردەن‌و لەباشوری رۆژئاوانەوە میسر، لەکەرتی رۆژئاواشەوە کەبەشێکی ئەردەنی داگیرکردوە (یەهوداو سامرە) لێیە کەدوو زاراوەی رەسمی ئیسرائیلین، لەرۆژهەڵات‌و کەرتی غەزشەوە لەگەڵ ئیدارەی نیشتمانی فەلەستین، هەروەها لەباشوری رۆژهەڵاتیشەوە لەدەریای ناوەراست‌و میسر بەتەواوی سەرکەوتون بەسەر خاکی فەلەستیندا هەروەها بەشێک لەبەرزاییەکانی جۆلانیان سالانی (1967)ەوە لەسوریا داگیرکردوە.

ژمـارەی دانیشتوانەکەشی (7.88 ) ملیۆن کەسە، کەلە(76 ٪) یان جولەکەن‌و یەکەمین دەولەتە یەک ئاین تێدا زۆرینەیە لەجیهاندا ئەویش ئاینی جولەکەیە.

هەروەها کەمینەیەک عــەرەب‌و مەسیحی ودروزی و سامری و خەلکی دیکەی تێدایە، دەولەتی نوێی ئیسرائیل لەسەر دەستی بزوتنەوەی سەهیۆنیەت لەکۆتاییەکانی سەدەی (19) دەرکەوتوە، کەلەسەر زەوین، ئیسرائیل‌و ئاینی تەورات بڵاوبوونەتەوە، دوای جەنگی جیهانی یەکەم نەتەوەیەکگرتوەکان بریاریدا کەفەلەستین لەژێر ئینتدابی بەریتانیادا بێت لەپێناوی (نیشتمانی نەتەوەیی بۆ گەلی جولەکە) لەسالی (1947) نەتەوەیەکگرتووەکان بریاریدا کەفەلەستین دابەشبکرێ بۆ دەولەتی (جولەکەو عەرەب) راستەوخۆ کۆمکاری عەرەبی ئەم بەرنامەیەی رەتکردەوە، لەسەر ئەم بنەمایە ئیسرائیل لە(14) مایۆی (1947) سەربەخۆیی خۆی راگەیاندو لەچوارچێوەی ئەم بریارەدا دەسەلات‌و سنورەکانی خۆی فراوانکرد.

## پێکهاتی دانیشتوان

دواین ئامار لەسەر دانیشتوانی ئیسرائیل لەساڵی (2012) (7.88) ملیۆن کەسە، لەم ژمارەیەش نزیکەی (200) هەزار ئیسرائیلی و (250) هەزار عەرەب لەقودسی رۆژهەلات‌و (270) هەزار هاوولاتی لەکەرتی رۆژئاوا (20)هـەزار ئیسرائیلی دیکە لەبەرزاییەکانی جولانن هەموو ئەوانەی دیکە لەشارە ئیسرائیلیەکان نیشتەجێن ناوەندی تەمەن لەم ولاتە (15-64) سالە کە لە (42٪)ی دانیشتوان دەکات، گەشەی سالانەی دانیشتوانیش (1.6٪) زمانی رەسمیش زمانی عبیری و عەرەبیە، پێکهاتەی جولەکەو رێژەی دانیشتوانەکەیان (75.3٪)ە، عەرەبەش( 20.6٪)ە، ژمارەی مالەکەی ئیسرائیلیەکان نزیکەی (5.931.000) کەنزیکەی (72٪) ی لەجولەکەی سابرایەو هەر لەئیسرائیل لەدایکبوون و نزیکەی (19٪) یان (عولیمن)لەئەوروپاو ئەمریکان، نزیکەی (9٪)ی لەئاسیاو ئەفریقا، مسولمانان لەئیسرائیل (73٪)یان عەرەبن لەئیسرائیلی ، واتە لە(16٪) یان لەکۆی دانیشتوان لەئیسرائیل، پێکهاتەی مەسیحە عەرەبیەکانیش لەعەرەب-ئیسرائیل ، نزیکەی (9٪) یان لەعەرەبەکانن‌و (2.1٪) لە ئیسرائیلەکانن ، ئاستی زانستی مەسیحیە عەرەبەکان بەبەروارد لەگەڵ ئیسرائیلەکاندا وەک ئیسرائیلەکانن کەلە (68٪) یان خاوەن بروانامەی زانکون، پێکهاتەی دروزییەکانیش بەمشێوەیە (8٪) لەعەرەبەکانن، نزیکە (1.8٪)لەئیسرائیلەکانن شوێنی تیرە و عەشیرەتە دروزییەکان لەبەرزاییەکان جولان، کەئیسرائیل لەسالی (1967) لەسوریای داگیرکرد لەسالێ (1981)ەوە بەتەواوی لەئەستوی ئیسرائیل دایە و بە یاسایەک ئەوان لەوێ نیشتەجێبوون‌و بەزۆرینەی دەنگیش ناسنامەو رەگەزنامەی ئیسرائیلیان بەتەواوی رەتکردوەتەوەو ئەوان لەسەر ناسنامەو رەگەزنامەی سوری ماونەتەوە <u>شارە ئیسرائیلەکان</u>

1-قودس: پایتەختی نیشتمانی ئیسرائیل کەتێیدا (بارەگای سەرۆکایەتی پەرلەمان، حکومەتی دادی بالا بەلام لەسەر ئاستی نێودەولەتی دان بەمەدا وەکو پایتەختی نەنراوە. بەلکو وەکو ناوچە کێشە لەسەرەکان هەژمار دەکرێ.

2-تەل ئەبیب: ناوی سەرەکی تەل ئەبیب (یافو)ە، ناوەندی بازرگانی گەوری ئیسرائیل‌و بارەگای سەفارەتە بیانیەکان.

3- حەیفا: شارێکی مێژووییەو، شارێکی رۆشنبیری‌و گەشتیارییەو، زۆرترین رێژە عەرەبی تێدایە.

4-بئرسەبع،: گەورەترین شاری لێکۆڵینەوە کەبەوە ناسراوە زۆرترین ژمارەی کارگە و کارگە خانەکانی ئەو دەولەتەی تێدایە.

5- ئیلات: لەبەندەری ئیسرائیلەو لەسەردەریای سورە ، ناوچەیەکی گەشتیاری‌و بازرگانییەکە لەشاری عەقەبەی ئەردەنیەوە نزیکە هەروەها شوێنەکەشی باشترینە لەباشوری ئیسرائیلەوە بۆئەوەی دانیشتوانی حەیفاو تەل ئەبیب لەجەنگدا لێوەی هەلبێن.

6-دەیمونە: لەشاری بئرسەبعەوە نزیکەوە بەهێزی سەربازی ناسراوەو دەیمونە شوێنی کورەی ئەتۆمی و نەوەییەکانی ئیسرائیلە.

ناوی شاری فەلەستینیەکان لەکەرتی رۆژئاوا

| ژمارە | ناوی پارێزگا | ژ.دانیشتوان |
|---|---|---|
| 1 | جەنین | 281.156 |
| 2 | توباس | 56.642 |
| 3 | تولکرام | 168.973 |
| 4 | نابلس | 348.032 |
| 5 | قلقیلیە | 100.12 |
| 6 | سلفیت | 64.615 |
| 7 | رامەللاو بئرە | 310.218 |
| 8 | ئەریحا | 46.718 |
| 9 | قودس | 389.298 |
| 10 | بەیت لەحم | 194.95 |
| 11 | خلیل | 620.417 |
| 66 | 11 پارێزگا | 2.299.11 |